گۆی ێعنا.. شیعری سارا فەقێ خدر

قەدەری ژیانت وابوو
نەچوویتە نەو مالی مژوو
چەندە خۆش بوون
بەیانیانی قاپشوشتنی بەرحەوزەکەی مالی خەمان
بەدەم دەنگی زیرەکەوە
لەگێ کیژان، دەیشتی بە نەو مەرگەبان ١
وەیان بەدەنگی شوکروبا ٢، بەناو (هەواری دەان) دا
دەچوویتە تاقی ئاسمان!

دەگیر بوون ئەو ئەوارانەی
ئاخیر سەوتت دەدایە ئادیە سوورەکە
بەئاوازی سێاح داودە ومامڵە و مەزهەر
لەگێ سەمای ، گۆ و ێیحانەی حەوشەدا
بەکراسی تەنکی نازناز و بەهەڵەگی (لەیالی)٣پەمەییەوە
بەڵەنجەو لار، کارەکانت ئادەپێاند
کاتژمێرەکی نەدەخایاند، جادەو چیمەن پاکوخاوێن
فەرشی لاکێش ئەمبەر ئەوبەر
سەماوەری گەورەی نەوت ، گیزەی دەهات
دەشەگ و سەرین و بەرماڵ،
چاوێێی بابی ماندوو بوون
بەنی چەشتی مەنجێێی مس
لەسەر ئاگردانی هەیوان
دایک وەکو کەترەکی کەوگیر بەدەست
لەدەوری دەهات و دەچوو!

چەند ئارام بوون ئەو شەوانەی
بەدیار کتێبەکی خوازراوی کتێبفرۆشییەکەی
قادری حاجی عەوداوە
(کەدەتناردین، بە پێنج فلس بەمان دەهێنای)
لەکاری ناوماڵ دادەبڕای
لەدەفتەرەکی سەدپێی بەرگسوور دا
شیعرە دەخوازەکانی خەت
لەبەر دیوانی وەفایی و نالی و گەران،

یەک بەیەک دەنووسینەوە.
چواردەوری لاپەڕەکانت بە(زەخرەف) وگوڵ دەنەخشاند

دایکم دەیگوت:
هەڵعنای کچ و گوڵی هەڵعنا
زەحمەت لەک جیادەکرانەوە
بەبەردەرگا و بەکەڵاندا
بۆن عەترەکەی بۆاودەبوو
کۆم دەویست ،
بۆو گوزەرەدا تەپەڵە و ئەستەک نەکا
بەکو لەدرزی دەرگاوە
پەیشکەک لە دزەنیگا ، لەرەیەک لەدەنگی ناسک
ئاودیو ببە
دایکت نەژی،
نەیاندەهێشت، دەرگاکە بخرێتە سەرپشت!

سارا فەقێ خدر
٢٠٢٣